ڕۆما ٤: ٤- ٨ .

٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

لۆقا ٥: ١٧- ٢٦ بخوێنەوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : هەریەك لەم بەشانە چیمان فێر دەکات بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی نمونەکە فێرمان دەکات؟

تێبینیەکان .

لۆقا ٥: ١٧- ٢٦ چیرۆکی چاکردنەوەی ئیفلیجێکە کە چوار هاوڕێی هێنایە بەردەمی عیسا . لێرەدا عیسا ئەو مافەی دەردەخات کە لە گوناهەکانی مرۆڤ خۆش دەبێت بەڵام فەریسیەکان سەرقاڵ بوون بە ئایینی قەدەغەکردنی زۆرێك لە کارەکان وەکو لە ڕۆژی شەممەدا چاک مەکەوە بەڵام عیسا سەرقاڵ بوو بە کاری ئەرێنی و دەرخستنی خۆشەویستیەکەی بۆ خاوەن پێویستیەکان لە جیهاندا .

پاشکۆی 5

ڕکابەر

" نمونەی ڕکابەر " لە مەتا ٥: ٢٥- ٢٦ تایبەتە بە لێخۆشبوون لە شانشینی خودا .

مەتا 5: 25- 26 بخوێنەوە .

١. چیرۆکە سروشتیەکە تێ بگە کە لە نمونەکەدا پێشکەش کراوە.

گفتوگۆ : ئەو بنەما ڕاستیانە کامانەن نمونەکە لەخۆی گرتوە ؟

تێبینیەکان .

هەندێ لە خەڵکی پێیان وایە ئەم وتوێژە نمونە نیە ، بەڵام چیرۆکێکی زەویەو واتایەکی ئاسمانی هەیە ، بۆ هاندان .

<u>٢. چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە</u> .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە مەتا 5: 21 - 24.

بانگراوندی ئەم نمونەیە دوو بەشە :

مەتا ٥: ٢١- ٢٢ چارەسەری ڕاڤەی ڕاسپاردەی شەشەم دەکات .

هەندێ ڕاڤەکار سەبارەت بە وەرگێڕانی وشەی پێشینان لە مەتا ٥: ٢١ بە تەواوەتی بە ڕادەستکردن ناودەبرێ . بەڵام عیسای مەسیح جەختی کردەوە لە مەتا ٥: ١٧ لەسەر شەریعەت ، مەتا ٥: ٢١ ؛ هەروەها بڕوانە مەتا ٤: ٤، ٧، ١٠ وە دەرچوون ٢٠: ١٣ مەکوژە ، پەیدابوون ٩: ٦ ، ڕۆمەکاران لەسەردەمی عیسادا شرۆڤەیەکی وشەبەندیان دەکرد بۆ ڕاسپاردەی شەشەم بەڵام بێئاگابوون لە ڕۆحی پشت شەریعەتەوە ، چونکە ئەوەی ئەوان دەیانوت واتاکەی ئەوەبوو کە ئاگادار بن کاتێ چەقۆ یان چەك بەکار دەهێنن نەوەك ببێتە هۆی کوشتنی کەسێکی تر . بەڵام عیسا هۆشداری دا کە خەڵکی ئاگادار بکرێتەوە لە هۆکاری پشت کوشتنەکە . ئەمەش ناوەڕۆك وجەوهەری ڕاستەقینەیە .

مەتا ٥: ٢٣- ٢٤ چارەسەری جێبەجێکردنی ڕاسپاردەی شەشەم دەکات .

بڕوانە ١یۆحەنا ٤: ٢٠ " ئەگەر یەکێك گوتی: «خودام خۆشدەوێت» و ڕقی لە خوشکی یان براکەی بێتەوە، ئەوە درۆزنە، چونکە ئەوەی خوشك و برای خۆی خۆشنەوێت کە بینیویەتی، ناتوانێت خودای خۆشبوێ کە نەیبینیوە " جێبەجێکردنی ئەرێنی عیسای مەسیح بۆ ڕاسپاردەی شەشەم ئەوەیە کە دەبێت دڵ هەمیشە پڕ بێت لە خۆشەویستی نەك توڕەیی و ڕق لێبوونەوە و تاڵی .

ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە مەتا ٥: ٢٥- ٢٦ .

ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەی هاتوو لە مەتا ٥: ٢٥- ٢٦.

دەبێت مرۆڤ چارەسەری ململانێ وکێشەکانی بکات لەگەڵ ڕکابەرەکەیدا و خێراو دەستبەجێ دەستپێشخەری بکات بۆ ئاشتەوایی ، مەتا ٥: ٢٦ .

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی و واتادار دادەنرێن ؟

تێبینیەکان .

عیسا هیچ واتایەکی تایبەتی نەداوە بە خاڵێک یان وردەکاریەکی نمونەکە بەڵام لە چوارچێوەکەیدا دەردەکەوێت کە عیسا باسی دادوەری زەوی ناکات بەڵکو دادوەری ئاسمانی مەتا ٦: ١٥ ؛ هەروەها بڕوانە مەتا ٥: ٢٢ ؛ ١٨: ٣٠ ، ٣٥ . بۆیە دەبێت مرۆڤ هەڵوێستی دڵی هەڵوێستێکی خۆشەویستانە بێت بەرامبەر بە خەڵکی ، وە عیسا هۆشداری دا کە مرۆڤ هەستکردن بە تووڕەیی و ڕق بمرێنێت لە ناخ ودڵی خۆیدا بەرامبەر بە کەسانی تر مەبەستی عیسا ئەوەبوو کە گەلی شانشینی خودا بەردەوام نابن لە ئەم جۆرە هەڵوێستە نەرێنیانە بەرامبەر بە کەسانی تر .

٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

نمونەی داوەتی شایی لە مەتا 5: 25- 26 نمونەیەکە فێرمان دەکات لەبارەی " لێخۆشبوون لە شانشینی خودا " .
پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەمەیە : کاتی ئاشتەوایی هەمیشە ئێستایە .

لێخۆشبوون یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی شانشینی خودا .

٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

پیت یان وشەبەندی شەریعەت و ڕۆحی شەریعەت .

پەیدابوون ٤: ٦- ٧ ؛ وتەکان ٦: ٥ ؛ لێقیەکان ١٩: ١٨ ؛ پەندەکان ١٤: ١٧ ؛ ٢٢: ٢٤ ــ ٢٥ ؛ ئەیوب ٥: ٢ بخوێنەوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : کتێبی پیرۆز چیمان فێردەکات لەبارەی سەرچاوەی خراپە ؟

تێبینیەکان .

هۆکاری ڕاستەقینەو سەرچاوەی خراپە لە دڵدایە ، نەك پێتێکی شەریعەت بەڵکو ڕۆحی شەریعەت ئەوە دەردەخات کە ڕاستی و سروشتی هەڵوێستی گوناهەو تاوانی مرۆڤە ، لەلای ڕاڤەکارانی پێشینانی جولەکە هەروەها نوێیەکانیان هیچ بیانوویەك نیە بۆ ئەو شێوازی ڕاڤەیان بۆ ڕاسپاردەی شەشەم وەکو کوشتنی دەرەکی "ڕواڵەت " یەکەم کێشەی خێزانی لەسەر زەویدا کە ڕوویدا خوداوەند بە قایینی فەرموو بۆچی تورە بوویت ؟ چونکە ئیرەیی و تورەیی لە ڕوخساری قاییندا بوو ، بۆیە خوداوەند ڕاسپاردەی شەشەمی پوخت کردۆتەوە لە "خودات خۆش بوێ " وە " نزیکەکەت خۆش بوێ " ئەم خۆشەویستیەی ناخ بڕیار دەدات لەسەر هەڵسوکەوتی دەرەکی مرۆڤ ، تورەیی وا لە مرۆڤ دەکات گێل بێت وە تاڵی ڕق بکوژن .